کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 10-7-2007 20:01

**ولاتی بوسنە و مادەی 140 ی لەمەر خۆمان ... عەبدوڵلا بیبانی:**

زۆرن ئەوانەی کە دژایەتی مادەی 140 ی لەمەر خۆمان دەکەن هەر لە تورکە گورگەکان و تورکمانە شوفینیەکان و عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعەو مەسیحییەکان و شەبەك و تەنانەت هەندیك لە یەزیدیەکانیش و بریتانیا و فەرنسا و ئەمریکاو ئیران و سعودیە و کویت و سوریاو و ابزانم هەندێك وولات لە ئەستیرەی مەریخیش نایانەویت ئەم ماددەیە جیبەجیببێت. ئەمانە هەموو دوژمنی کوردن ئەوە نییە وولاتانی دەوروبەر داگیریان کردووین ئەوە نییە هاو عیراقیەکانی خۆمان چاویان پیماندا هەلنایە ئەوە نییە وولاتە زلهیزەکان سیڤەرو لۆزان و جەزائیرو بیکر هاملتون و چەندین گرێبەستی نهێنی ترمان لە سەر پیادە دەکەن. بەلام سەرسەختترین دوژمن بۆ مادەی 140 سەرکردەکانی لە مەر خۆمانن حیزبەکانی خۆمانن. بی هەلویست و بی هەست چڵیس و کورسی پەرست کینە لە دل و دوا کەوتوو هەر بە ئەقلیەتی برسی گیرفان بەتالی خۆیان بیردەکەنەوە دەنا گەر هەر لە سەرەتای داگیرکردنی عیراق لە لایەن ئەمریکاوە گەر چاوەریی مادەی 58 و دواتر 140 نەبوونایەو بەو پارەیەی کە لە کرکوك تالانیان کرد دەیانتوانی هەر هیچ نەبێت گوندەکانیان ئاوەدان بکردایەتەوە ئەو کاتە خەلك بە 50 ورەقەی دولار خانویەکی شیاوی دورست دەکرد بەلام دیسان چلیسیان ریگر بوو لە بەردەم ئەو پرۆسەیە. ئیستاش ئەگەر بیانەوێت خەلکی بنیرنەوە دەتوانن ئەوە بکەن با قوناغەکانی تر دوا بکەوێت بەلام ئەوان هەر چاوەروانی پارەی بەغدان با باش بزانن خەیالیان خاوە ئەو پارەیەی بەغدا بگات بیرە بە دەردی ئەو پارانە دەچێت کە بۆ هەڵەبجە تەرخان کرا. بەلام دوبارەو دەبارە دەیلیمەوە ئەوان عەزیمەتیان نییە ورەیان نییە بەرانبەر یەك لەو دوژمنانە بوەستن و بلین نا بۆ ئەمەش دوو نموونەی بچووك دەهێنمەوە یەکەمیان سەرکردەی بوسنیەکانە کە ئویش خوا لیخۆش بوو علی عزت بیگۆڤیچ بوو کە هەموو ئەوروپا جیهان دژی دورست بوونی دەولەتی بوسنیا بوون و بۆ ماوەی چەندین سال لە ناو شاری سرایفوو لە ئابلوقەیەکی توندی هات و نەهاتدا بوو بەلام ئەو کابرا بەرزە هیچ بیری لەوە نەکردەوە کە واز لە بیرۆکەی دورست کردنی دەولەتی بوسنیا بکات وویستیان ئۆتونومیان پی بدەن وویستیان بیانکەن بە فیدرال لە گەل سرب و کرواتەکاندا بەلام ئەو هەر سوور بوو لە سەر بیرو بۆچوونی خۆی تاکو توانی بگات بە ئامانجی خۆیان و دەولەتەکە دورست بکات. ئەو پیاوە تاکو مردیش کۆمەلیك هەلسو کەوتی ئاسایی خۆی هەبوو وەکو کەسیکی ئاسایی بەریوە دەچوو گویی لە قورئان دەگرت حەزی لە دەنگی ئوم کەلسوم بوو و زورجاریش سەردانی قەبرانی دەکرد کە مردیش چەندین قەسرو قەمەرەی لە دوا بە جی نەما تەنها شانازی نەبیت و بە سەر فرازی سەری نایەوە.

دووەم نموونەم کورە قوتابییەکی لای خۆمانە کە قوتابی پۆلی دووەمی کولیژی پزیشکییە توانیویەتی خولی فیرکردنی وانەکانی پولی شەش بۆ 140 قوتابی لە کۆمەلگای شورش بە خۆرایی بۆ قوتابیان بکاتەوە کە ئەمە شتیکی دەگمەنە لەم رۆژدا کە دەبیت هەمووما سەری نەوازشی بۆ دابنوێنین و پیویستە لەوە فیری وانەیك بین ئەویش ئەوە یە چاوەروانی کەس مەکە هیچت بۆ بکات بەلکو دەبیت خۆت بیکەیت. ئەو مادەی 140 ش خۆمان هیچمان بۆ نەکرد دەنا خەلکیش هیچمان بۆ ناکات و با چیتریش خەلکی تاونبار نەکەین.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.